# دار هەناری جادوویی

**ئەمە ئەفسانەیەکی گشتی و کۆنە**

دووبارە نووسینەوەی: زیائو دینگ

وەرگێڕنی بۆ فارسی: ڕەزا ڕەهگوزەر

**وەرگێڕانی بۆ کوردی: کەمال عەبدوڵڵا حەسەن**

**وەزارەتی رۆشنبیری**

**خاوەنی ئیمتیاز: وەزیری رۆشنبیری**

**سەرنووسەر: نیان ئەحمەد**

ناوی کتێب: دار هەناری جادوویی

زنجیرەی کتێب: ٢٧

وەرگێڕانی: کەمال عەبدوڵڵا حەسەن

دەرهێنانی هونەری: ئاسۆ خالید

وێنەکان: سارا خالید

هەڵەچن و پێداچوونەوە: گلێنە خلقی

پیتچنین: شەیما حوسام

سەرپەرشتیاری چاپ: عەبدولقادر عەلی مەردان

ژمارەی سپاردن : (١٥٨) بۆ ساڵی

چاپ: یەکەم


چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخی: ٥٠٠ دینارە

**زنجیرە کتێبی منداڵان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە:**

**www.geocities.com/ktibi_mindalan**



ماوەیەکی زۆر زۆر بەر لە ئێستا لە تەنیشت گوندێک، دوو برا لە ناو خانووەکی قورین پێکەوە دەژیان.

تەنها سەروەت و سامانی ئەم دوو برایە لە دوونیادا نێرە گایەک و دوو پارچە زەوی بوو. برای بچوکتر نێرەگایەکەی زۆر خۆش دەویست. ئەو هەموو رۆژێک بەرەو دەشت بەڕێ دەکەوت و گیای لێدەکردەوەو بۆ نێرەگایەکە دەیهێنایەوە.


ڕۆژیک لە ڕۆژان، کاتێک کە بە تازەیی لە دەشتەوە بەرو ماڵ گەڕابووەوە، برا گەورەکە ڕووی تێکردوو و گوتی:

- تۆ ئێستا بە قەدەر خۆت گەورەی، کاتی ئەوە هاتووە کە لە یەکتری جیا ببینەوە.


برا گچکەکە بە بیستنی ئەم قسانە پڕ بە دڵ تووشی خەمباری و پەرێشانی هات بەڵام، برا گەورەکە هەر بەردەوام بوو لە سەر قسەکانی. بۆیە برا گچکەکە لە ڕووی ناچارییەوە دانیشت و زارو زار گریا. برا گەورەکە بێ ئەوەی بەزەیی بە برا گچکەکەدا بێت و خەم و بەژاری برا گچکەکە کاری تێبکات گووتی:


- ئێمە بە تەنیا نێرە گایەکمان هەیە و ئەویش من دەیبەم و دەبێت بە هی خۆم چونکە من لە تۆ گەورەترم.

برا گچکەکە بە هیچ شێوەیەک لە سەر ئەم بڕیارە ڕازی نەبوو بەڵام، بیری کردەوەو لەگەڵ خۆیدا گوتی:



- خۆ ناکرێت نێرە گایە بەستەزمانەکە بە نیوە بکەین، هەر چونێک بێت دەبێت یەکێک لە ئێمە واز لە مافی خۆی بێنێت و لە ئەوی دیکە خۆش بێتەوە، جا باشتر وایە ڕێگە بدەم با برا گەورەم نێرەگایەکەی ببات. برا گەورەکەش بە خۆشحاڵییەوە نێرەگایەکەی بە گوریسێک بەستەوەو بەدوای خۆیدا ڕایکێشاو ڕۆیشت.






دوای ڕۆیشتنی برا گەورەکە، برا بچوکەکە کە ئێستا بەتەنیا مابووە برادەرایەتیی لەگەڵ کەرمێشەک گرێداو هەر لەو ڕۆژەوە ڕۆژ بە دوای ڕۆژ دۆستایەتیان پتەوتر دەبوو.

ڕۆژێک کە کوڕەکە بۆماڵی مامی خۆی ڕۆیشتبوو بۆ ماوەیەکی کەم ئاگای لە کەرمێش نەماو لەو ماوەیەدا لە ناکاو کەڵەبابی مامی هەڵفڕی و کەرمێشی گرتیوو قوتیداو خواردی.





کـورەکـە دیسـانـەوە تووشی خـەم و پەژارە هات، ئاوی قـورگی قـوتدایەوەو فـرمـێـسک چاوەکـانی پڕ کردو زارو زار گریا. ژنی مامی، بە بیستنی دەنگی گریانی کورەکە هاتە لای و لێی پرسی:

- ئەوە بۆ دەگری؟

کورەکە گوتی:

- کـاتێک کـە برام لە من جـیـا بووە، نێـرە گـایەکـەمـانی برد، دوور بوون لە نێرەگـایەکـە بۆ من زۆر سـەخت بـوو تا ئەو ڕۆژەی کـە بووم بە خاوەنی ئەم کەرمێشە، بەڵام ئێستا کە لەبابەکەتان ئەویشی قوت داو خـواردی. ژنـی مـامی بە بیـسـتـنی ئەم قـسـەیە زۆر سکی بە کـورەکـە سوتاو گوتی:

- مـەگری کـوڕم، کەرمـێش زیندەوەرێکی پیس و پەلوسە، لە جیـاتی کەرمێش کەڵەبابەکەت دەدەمێ.


کەڵەبابی مامە زۆر جوان و قەشەنگ بوو، کورەکە کەڵەبابەکەی زۆر خـۆش دەویست، بۆیە کـاتێک گـوێی لە قـسـەیەک بوو زۆر پێی خۆشـحال بوو. لەو ڕۆژەوە بەدواوە کـورەکەو کـەڵەبابەکە ببـون بە دوو هاوڕێ و دوو دۆسـتی یەکـجـار باش و قـەت لە یەکـتـری جـودا نەدەبوونەوە.

زسـتـان داهات و ڕۆژێـک لە ڕۆژان «با»ی سـاردی باکـوور هاتنی خـۆیی ڕاگـەیاندو لە دوایدا بەفـر، بەتووندی دەسـتی بە بارین کـردو



هەمـوو شـوێنێکی سـپی کـرد، مـاوەیەکی زۆری پێنەچوو کە بەشێک لە دیواری خانووەکە خراپ کەوت و ڕووخا.

کـوڕەکـە لە ڕووی ناچارییــەوە کـەڵەبابە جـوان و نازدارەکەی هەڵگرت و پەنای بردە بەرماڵی پیرەمێردە دراوسێکەیان.






لە ماڵی پیرەمێرددا، کاتێک کە کوڕەکە ئاگای لە کەڵەبابەکە نەمابوو، سەگی پیرەمێرد کەڵەبابەکەی دزیو و خواردی.

کوڕەکە هەر کە ئەمەی پێزانی ئەوەندە نیگەران و توڕە بوو کە نەیزانی دەبێ چیبکات و بە ناچاری دانیشت و ئەوەندەی کە توانی گریا. کاتێک پیرەمێرد مەسەلەکەی زانی و بارودۆخەکەی دیت، دەستێکی نەوازشی بە سەر سەری کوڕکەدا داهێناو گوتی:

– گوڕم مەگری، لە جیاتی کەڵەشێر من سەگەکەی خۆمت دەدەمێ.





کوڕەکە کاتێک ئەم قسەیەی بیست چیتر نەگریا ، کاتێک بارینی بەفر وەستا سەگەکەی هەڵگرت و بەرە ماڵ گەڕایەوە.

زستان کۆتایی هات و هەموو جوتیارەکان دەستیان بە کێلانی زەوی و زار کردو دانەوێڵەیان لێ رووکرد «چاند» . تەنها کوڕەکە مابوو کە زەوییەکەی نەکێلابوو و لە گۆشەیک دانیشتبوو حەسرەتی دەخوارد.

کاتێک سەگەکە بارودۆخی کورکەی بینی، لە ناکاو بە قسە هات و بە خۆشەویستییەوە گوتی:

- خەم مەخۆ کە نێرەگات نییە تاکو زەوی بیکێلێت، من بە خۆم یارمەتیت دەدەم بۆ کێلانی زەوی.


کوڕەکە کاتێک بینی سەگەکە قسان دەکات و دەتوانێت زەوی بکێلێت زۆر تووشی سەر سووڕمان هات و سەرەڕای ئەوەش زۆری پێ خۆشحاڵ بوو.


ڕۆژی دواتر، کوڕەکە سەگەکەی بردە ناو کیلگەو بەگاسنەوە گرێی دا، سەگەکە تەنانەت لە نێرەگایەکیش خێراترو باشتر کاری دەکردو زەویی دەکێلا ، کوڕەکە بە سەختی دەیتوانی خۆی بەسەگەکە رابگەیەنێت و لە گەڵیدا بڕوات، دەنگ و باسی سەگە سەرسووڕهێنەرەکە گەیشتە برا گەورەکەو ئەویش زۆر بە خێرایی هات و داوای لە برا گچکەکەی کرد کە سەگەکەی بداتێ و لەگەڵ



نێرەگایەکە بیگۆڕێت، بەڵام کوڕەکە بەمکارە ڕازی نەدەبوو. برا گەورەکە ئەوندە پاڕایەوە تا کو برا گچکەکە بە ناچاری ڕازی بوو کە سەگەکەی بە قەرز بداتی.


ڕۆژی دواتر سەر لە بەیانی برا گەورەکە سەگەکەی بردە ناو کێڵگە، بەڵام هەر چەند بەدار لێیداو هاواری لەسەرکرد سەگەکە ئامادە نەبوو زەوی بکێڵێت بەڵام برا گەورەکە هەر چونێک بوو سەگەکەی ناچار کرد ئەو کارە بکات.






برا گەورەکە ڕۆژێکی تەواو، تاکو لە توانایدا بوو کاری بە سەگەکە کرد تا کو سەگەکە لەماندووبوونی زۆرەوە کەوتە سەر زەوی و گیانی لە دەستدا.

برا گچکەکە کاتێک هەواڵی مردنی سەگە نازدارەکە زانی، زۆر خەمبار و پەرێشان کەوت.





بۆیە هەستا قۆرتێکی لێداو سەگەکەی لەناو چاڵ کرد لەسەر قەبرەکەشی نەمامی دار هەنارێکی چاند.

لەو ڕۆژەوە بەدواوە، کوڕەکە هەموو ڕۆژێکی بەرەو شوێنی سەگەکە دەڕۆیشت خاک و خۆڵەکەی دەورووبەر چاڵەکەی لێکدەداوەو نەرمی دەکردو گیایە خراپەکانی دەورووبەری هەڵدەقەنی و شوێنی چاڵەکەی ئاوڕشێن دەکردو دارەکەشی ئاو دەدا.


دار هەنارەکە زۆر بە خێرایی نشونمای دەکردو گەورە دەبوو و لە کاتێکی زۆر نزیکدا گوڵی کردو باری هەڵگرت.

ڕۆژێک کوڕەکە بینی هەنارێک لە دارەکە کەوتە خوارەوە، غاریداو هەڵیگرت، ئینجا بەسەرسوورمانەوە بینی هەنارەکە بە ئارامی دەرزی بردو شەق هەڵگەڕاو وردە وردە گرانترو گرانتر لێهات. کوڕەکە بە هێواشی هەنارەکەی لە سەر زەوی دانا.


لە ناکاو ڕووداوێکی سەیرو سەمەرە ڕوویدا، هەنارەکە بوو بەخانووەکی زۆر جوان و قەشەنگ.


کوڕەکە چووە ناو خانووەکە و دەستی بە گەڕان لە ناویدا کرد. لەو هەموو کەلوپەل وخواردەمەنی کە لەوێ بوو تووشی سەر سووڕمان هاتبوو و لە لایەکی دیکەشەوە زۆر پێی خۆشحاڵ بوو.

کوڕەکە هەر زوو خۆی گەیاندە ماڵ وئەم هەواڵەی خۆشەی بۆ برا گەورەکەی خۆی هێنایەوەو گوتی:



- پێم خۆشە هەنارەکان بدەم بەو کەسانەی کە خانوویان نییە، بە ڕای تۆ ئەمە هزرێکی باش نییە ؟!





برا گەورەکە بە تووڕەیی و بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی:

– نەخێر باش نییە، بۆچی دەبێ ئەم خەزێنەیە بیدەین بە کەسانێکی تر؟! ئایا وا باشتر نیە بۆخۆمان هەڵی گرین و سوودی لێ وەربگرین؟!

برا گچکەکە گوتی:


– هزرێکی باشترم هەیە، باشتر وایە هەنارەکان بیدەین بەخەڵکێکی هەژارو نەدار، بەڵکو بارو گوزەرانی ژیانیان بەرەو باشی بروات.

برا گەورەکە بینی بە هیچ جۆرێک ناکرێت برا گچکەکەی خۆی لەم هزرو بیرانە دوور بکاتەوەو بیرو ڕای بیگۆڕێت بۆیە دانیشت و بەنهێنییەوە دەستی بە کێشانی پلان و نەخشەیەکی پیس و شوم کرد. سەرەنجامیش کاتێکی دەرنگایی شەو، بە نهێنی بەرەو لای چاڵەکە (شوێنی ناشتنی سەگەکە) ڕۆیشت و هەموو هەنارەکانی لێکردەوەو لەناو گوشەیەکی کردو بەرەو ماڵ گەڕایەوە.


کاتێک گەیشتە ماڵ، گوشەکەی (تەلیسەکە) بەتەواوەتی بە تاڵ کرد، چاوێکی لە هەنارەکان کردو بە ڕەزامەندییەوە گوتی:


– بێگومان ئێستا من بووم بە پیاوێکی دەوڵەمەندو گەورە.

پاشان گەورەترین هەناری هەڵگرت و لە ناو پەنجەکانیدا ڕاگرت، هەنارەکە بە ئارامی و وردە وردە دەرزی بردو لە ناکاودا کەرمێشەک



لێی دەرپەڕی، مــاوەیەکی وا پێنەچوو برێکی زۆر کـەرمـێـشی دیکەش لە ناو هەنارەکـەدا دەرپەڕین ئینجا کەرمێشەکەکان بە ویزە ویزەوە بەرەو لای برا گەورەکە هەڵفڕین و دەستیان کردن بە پێوەدان و گەز گرتنی ڕوومەتی. پاشانیش کەرمێشەکان لە بەر چاوی بزر بوون و برا گەورەکە هەر وا کە ڕوومەتی خۆی گرتبووو هەڵدەماڵی گوتی:





- هەنارەکە خراچ بوو، لەوانەیە خانوو جوان و قەشەنگەکە لەناو هەناری دووەمدا بێت.

ئینجا هەنارەکی دیکەی هەڵگرت. هەناری دووەمیش بە ئارامی و وردە وردە دەرزی برد کرایەوە بەڵام لە جیاتی بە دیار کەوتنی خانووە جوانەکە، کەڵەبابێک لێی دەرپەڕی. کەڵەباب قوقولی قوقولیەکی کردو بەرەو لای براگەورەکە هەڵفڕی و چەندین جار چەند دەنووکی مەترسیداری لێیداو لە ناکاو بزر بوو. سەرو ڕوخساری برا گەورەکە لەبەر ئێش و ئازارو دەرد تێک چوو، بەڵام دیسان لە گەڵ خۆیدا گوتی:

ئەم هەنارەش خراپ بوو، دەبێ خانوو جوانەکە لە ناو هەناری سێیەمدا بێت.

بۆیە دیسان هەناری سێیەمی لە ناو پەنجەکانیدا گرت تاکو دووبارە هەنارەکە دەرزی بردو کرایەوە. ئەمجارە سەگێک وەک ئەو سەگەی کە لەژێر دەستیدا مردبوو، لە هەنارەکە هاتە دەرەوە.

سەگەکە بەرەو لای برا گەورەکە هات و چەندین جار هەپە هەپی کرد، براگەورەکە کاتێک سەگەکەی بینی لە ترسەوە لە هۆش خۆی چوو و کەوتە سەر تەختەکە.

کاتێک بە هۆش هاتەوە، چ هەنارێکی ساخلەم لە دەورووبەری خۆی نەبینی، بە خۆی بە تەنێ مابوو لەگەڵ چەندین پەلکە هەنارو ڕوومەتو لەشێکی بریندار.